www.rojhalat.de

# "خەیاڵی گەڕانەوەم دەدرکێنم"

سوار سوارێنە، غار غارێنە، هەر کەس بە لایەکدا دەخولێتەوە!

خەیاڵی کار، خەیاڵی درێژەی ژیان، خەیاڵ، خەیاڵ، خەیاڵ هەموو لایەکی لە خۆیدا، پێچاوەتەوە!

یەک باڵی نیە ودەفڕێ، یەک ئەسپ ناناسێ وسوار بووە، یەک ماشێن دەئاژوێ، یەکیش بە خەتی یازدەی لاقەکانی سەر وخوار دەکا، بە سەردوو پێپڕکەی، دوو چەرخەکەیداو، دەخولێتەوە،

ئەوی تر، نەتەیارەی هەیە، نەدووچەرخەو، نەماشێن.

نە هەنگاویش ئەتوانێ بنێ، کەچی ئەویش، بە دایم لە فڕین دایە وقەت لەتەچرکەیەکیش لە خەیاڵی بەنگ ومەنگاوی تێیا نوقومبوویدا، جیانابێتەوە!

ئای لەم دنیایە، یەک گیرۆدەی دەستی سەنعەتە ویەک سەوداسەری، مالی خۆلیا، ئای لەم ئوروپایە!

شەوزستانێکی سارده لەم ئوروپایە، بەفرسەرما بڕبووەو، شەقار، شەقار، دەڵێی بەهەزار چەقۆ کووزت کردووەو

منیش لە ماڵ دەرکەوتووم و تەکان، تەکان، لە گەڵ خەیاڵەکانمدا لە ژێر ئاسمانی ئەم ئوروپا ساردوسڕەدا، هەنکاو ئەنێم:

هەنگاو دەخیلتم، شل نەبی، توند نەبی، ڕانەوەستی، لەنگە نەکەی، چرکە نەکەی، خەرتە نەکەی، نسکۆنەبەیی، لەغاوت ئەکەم، جلەوت دەگرم، چۆن

ئەڵێم ئاوابڕۆیی، خۆت ئەزانی منیش ئێستا خەیاڵاویم، خەیاڵی من، نیازی بە تەیارەو.سەیارەو، کەرەسەی تری، هێنان وبردن نییە، خەیاڵی من ڕووحە ویەکجێ لە ناوەڕاستی خاکی نیشتیمانەکەم دابەزیوە.

پرسم هەیە خەیاڵ؟ چۆنت گەیاندمەوە کوردستان؟چۆن لە تانە وتەشەری سەر زەردە نامۆیەکان، نەجاتت دام؟چۆن لە جەهەنەمی ئەم غوربەتە، خەلاست کردم؟ چۆن نەت هێشت نهێنیەکانم لە ولاتی غەریبیدا بدرکێ و، بێ هەست وخوست، خستتمەوە باوەشی دایکی نیشتیمانی خۆمەوە؟

خەیاڵ گیان، تۆ نەبووی کردمی بە ئەسپێکی ئەبڵەقی غوللوری کلک سوار وسەرسوار، بەسەر بەفری چیاکانی غوربەت دا، ئەت رفاندم بەکراسی سپی، سوڵحی بەفرینەوە؟

خەیاڵ گیان تۆ نەبووی، کردمی بە ئەسپێکی ئەبڵەقی غوللوری کلک سوار وسەرسوار ،بەسەر عەرزی عاسمان، دووکەڵاوی ئوروپا دا، دەتفڕاندم، بە زینێکی زێڕینی، درەوشاوەی، ڕۆژیینەوە؟

خەیاڵ گیان، تۆ نەبووی کردمی بە ئەسپێکی ئەبڵەقی غوللوری کلک سوار وسەرسوار ، بەنێوگوڵە سورەکاندا دەتفڕاندم، بە بەرگی، سەرتاپا، تەخت، سوورەوە؟

خەیاڵ گیان تۆ نەبووی کردمی بە ئەسپێکی ئەبڵەقی غوللوری کلک سوار وسەرسوار، بەمێرغوزارەکاندا دەتفڕاندم، بە بەرگی سەوزی گیاڕەنگەوە؟

خەیاڵ گیان، منەت بارتم،ئێستا لەماڵم، بن پێم گەرمە، پێ پڕکەوسمکۆڵ دەکەم،لەسەر خاکی کوردستانم،ئاخرناڵێن کەلیش بە مەوتەن ؟

دڵم لە فڕین دایە ودەستم،توند،توند، بەسەر داگرتووە،چاوم باوەڕناکاو،هەڵی دەگولۆفم،سییەکانم لەمژینی، هەوای نیشتیمان تێر نابێ و،بۆ پاراستنیان دمم لە ڕێژەڵە،گڵی دانار داناری،سەر تاشەبەردی،قەدپاڵی کانیە بەردینە، وەردەدە م.

کەللەم گەرمە و،حەزی،نۆشی،ئاوی چیاوی،کانی کەوان دەکەم،

سکم برسیەتی ومەیلی کەلانەی نێو پڕ لە کوڕاددەی سەری بەرزی تەرەغە دەکەم،

ئارەزووی چێژی، قجیلەوشنگی پێدەشت،کارگ وڕێواسی شاخی،بیزاوپیچۆکە وکەنگر وکەلەمکاشوولی قەدپاڵەکان،قازیاخەو،ئەسپەناخی گۆشەتەزەوی ،پەنجەقازی و،گێلاخە وپنگەی دمم چۆم وتەڕاوەکان دەکەم.

هەستم بزواوەوئارەزووی،سێحری،دەنگی،شمشاڵی قالەمەڕە دەکەم.

چاو دوربینە ودڵ ئاوێنە،سەیری باڵای بێگەردی کوردستان بەم سروشتە ڕازاوەیە دەکەم!

ئۆخەیش،خۆشی لە خۆم،خەیاڵ وحەزوهیوا وئارەزوو ،لێمگەڕان، لەگەڵ ئەوان ولە پەنا ڕەنگاڵە ڕەنگەکانی خەیاڵەکانی پێشووی، ڕێگام، بەدمم وەنەوزانەوە،سەبیلەکێشێک بخەوم!

خەو چ خەو؟ خەوی کۆرپە، لەباوەشـی دایکدا، خـەوی کەروێشـک لـە ئـارامی لانیدا، خەوی بەردێک لەبەر بەربەڕۆچکی، مەکانیدا، خەوی سەگێکی ئەمەکناس لەسەر کەپەنکی شـوانیدا، خەوی، کاریلەیەکی، نازدار لـە سـەر بـەردەتاوێری مەڕیدا، خەوی سۆفیەکی ماندوو لەسەر جێخون وخرمانیدا، خەوی کوڕە، پالـە ومەلغان گێڕ، لە سەر ڕانی دەزگیرانیدا یا خەوی کیژێکی ماندو لەشێلانی قوڕی هەوڕی، پیرێژنی هەوڕگەریدا.

ناوەلا خەوی، تازە گەڕاوەیەکی، دەیان ساڵ دووخـراوەی کولـۆڵ، لـە سـەر خاک، لە نێو هەوا ولەبن عاسمانی نیشتیمانیدا!!

کـە بـە دەم خەیالـەوە لـە خـەو، بوومەوە، بـە قەدپالـێکدا سـەرکەوتم ودووباقەشووڵی، لاوێنم لە لای سۆفیەکی دەروون پڕ لە مێژووی خەبات، هێنا و، لە نێوانی شێوەردێکی ڕەشی، داوێن بە سـێوەڕە داپۆشـراودا، چەقانـدم، تەیمانم بۆ سازدا، کۆڵەکەم وەبەر ناو، کەپرێکم دروست کرد.

لەپشتێنەی کەپرەکە ڕووانیم و، گوتم، ئەم قولەدارە، بۆ دۆدانەکەم، ئەمەشیان، بـۆ چارەکەنانەکەم، ئەویتریشـیان بـۆ لەمپـەری ڕەفحـەی، پـەڕتوک وپێنووسـەکەم، جێگەیەکیش، کەلێنێکیش، بـۆ گرکـەی دێمی، تـورۆزی چۆمی، خەیاری بەستێنێ و شەمامەی دەستی خەزێمێ، دەکەمەوە،

دوا جاریش، سپی بەفرین، زەردی زێڕین، سووری خوێنین وسـەوزی گیاڕەنـگ! ئەو ڕەنگالە ڕەنگانەی، ئەسپەئەبلـقی خەیالـم، بە خـۆی دادەدان، دێنمـەوە بەرچاوان و، ڕیزیان دەکـەم، لـە بـەر دەم و، ئالـایەکی کوردسـتانیان، پـێ

دەڕازێنمەوەو ئاڵاش، لە سەر دەرانەی کەپرەکەدا ولـــە پـــەنا چەپکـــە ڕەشـــە، ڕیحانەیەکی بۆنخۆشدا، هەڵدەم و، دەڵێم ئێرە وڵاتی کوردستانە، وڵاتی بـــابو باپیرانە، دوور بێ لە چاوی پیسی بێگانە!!هەر بژی ئەم نیشتیمانە!!!!

جەعفەرحامیدی

وڵاتی نۆڕویژڕشاریئۆسلۆ

شەوزستانی 22، فیبرواری2004ی زاینی